هۆزمۆدێرنەو تەقەی خۆشی

■ کازیوە سالح

کاڵفیرنو هوبز نووسینێکی کارتۆنی بێڵ واترسۆنە، ئەم کارتۆنە وەکوجدلیەکی فکری بەراوردی هەردوو چەمکی فەیلەسوفو شۆڕشگێڕ لەمیانەی پێویستیە مرۆیی، سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕاقە ئەکات بەزمانی منداڵو گەورە. بۆ ئەو مەبەستەش کورتکراوەی دوو ناوی دیاری بواری فەلسەفیو شۆڕشگێڕی جۆن کلیڤەری شۆڕشگێڕی شۆڕشی فەرەنسی سەدەی شازدەو فەیلەسوفی سیاسی ئینگلیز تۆماس هوبز هەڵدەبژێرێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئامازەی یەکێکە لەدیالۆگە پڕ داناییەی کالڤینی شەش ساڵانە کە لەباوکی دەپرسێت «باوکە چۆن ئەو سەبازانەی یەکتری دەکوژن کێشەکانی جیهانیان پێ چارەسەر ئەکرێت؟» باوکی کە لەو کاتەدا ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە سەیرێکی دەکاتو وەڵامی ئەو پرسیارە قورسەی کوڕەکەی بەبێ دەنگیو گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە دەسپێرێت، منداڵەکەش وەڵامی ئەو بێدەنگی باوکی بە «پێم وایە گەورەکان وا ئەجوڵێنەوە کە ئەزان چی ئەکەن هەڵئەسەنگێنێت». هێنانەوەی ئەم دیالۆگە بۆ گەڕانەوەیەکی کورتە بۆ دۆخی چێژی کوشتن، دەربڕینی خۆشیو هیپۆکراسی نێو دیموکراسی لەکۆمەڵی کوردیدا.

کوشتن دەرهاویشتەیەکی دەرونیە گوزارشت لەڕۆو تۆڵەکردنەوە دەکات لەفۆرمی ساديزمدا بۆ لەناوبردنی کەسێک یان گرۆپێک، دەکرێ هۆکاری جیاواز وەک هۆکاری ڕەگەزی، دەستکەوت، چاوچنۆکی، دووبەرەکی، ئیرەیی، مەترسی ئاشکرابوونی نهێنی مەترسیدارو نەخۆشی دەروونی پشت کاکڵەی کوشتن بێت، باوترین ئامرازیش بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاگربازییە لەگەڵ ئەوەی هیچ زیانێک ناگەیەنێت، بەڵام تەنها لەبۆنەنەتەوەیەکاندا بەکاردەهێنرێت نەک بۆنەی بردنەوەی حیزبێک لەهەڵبژاردندا.

لەکۆمەڵی ئێمەدا مەرگو کوشتن ئامرازێکە بۆ پەرچەکرداریی خۆشیو ناخۆشی، چێژ وەرگرتن لەکوشتنو بینینی مەرگ بووە بەیەکێکە لەخەسڵەتە سەرەکیەکانی دەربڕینی هەستە جیاوازەکانی تاکی کورد. دەربڕینی دوو کارەکتەری تەواو جیاوازو پێچەوانە لەیەک فۆرمدا کە فۆرمی

> هیچ ئاڵایەک ئەوەندە گەورە نیە شەرمەزاریی کوشتنی بێ تاوانێک بشارێتەوە

مەرگ —دۆستیو کوشتنە، بەیەک ئامراز کە چەکو فیشەکە ستاندارییە کۆمەڵە هەڕەمەکیوناشارستانیو بەربەریەکانە، هەر کۆمەڵێکی لەو ئاستەوە کە قۆناغەکانی شارستانیەتی نەبڕیوە باز بداتە ناو شارستانیەتی ئەمڕۆ، بەبێ هێزێکی سیاسی مۆدێرن، ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی هۆشیارکەرەوە، لەو کەرت بوونو پارچە پارچە بوونەی ڕووبەڕوی بووتەوە ناوەستێتو مل ئەنێت بەرەوە کەنارەکانی فەنا بوون. لەو ساتەوەی فۆبیای لاسایکردنەوەی مەدەنیەت بووە بەخولیای کەسانێک کە سنورەکانی جیاوازی نێوان کۆمەڵێکی نەریتیو کۆمەڵێکی مەدەنی، مۆرالێی هۆزو مۆرالێی مەدەنیەتیان پێ دیاری ناکرێت، هەموو چەمکو دیاردەکان شوناسی خۆیان لەدەست داوەو بەشێوەیەکی نابەجێ دێنەڕوو. ئەمە ئەو دۆخە نالەبارەیە کە سیاسی کورد بەر لە «خۆدۆزینەوە»و «ئەودۆزینەوە» دۆخێکی مەدەنی وەرئەگێڕێت بۆ دۆخی هۆزو دۆخی «منی ڕاست»و «تۆی هەڵە»، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵو دەبێت بە «ئێمەی ڕاست»و «ئێوەی هەڵە»، کە هەموو چەمکەکانی ژیانمانی بەڕەنگی خۆڵەمێشی ڕتووش کردووە — بەدوا شانازیەکانی مەدەنی بوونیشمانەوە کە هەڵبژاردنە. هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، دیموکراسیەتیش بەرهەمی مۆدێرنەیە .میللەتێک بۆ ئەوەی لەبەهای هەڵبژاردن بگاتو وەکو پرۆسەیەکی ڕاستەقینە لێی بنواڕێت نەک پرۆسەی لاساییکردنەوە، پێویستە لانیکەم لەپەرەنسیپە سەرەتاییەکانی مۆدێرنە بگات کە ڕزگار بوونیەتی لەعەقڵیەتی هۆزو کرداری خێڵەکیانی. مۆدێرنەو دیموکراسی واتە ئازاد بوونی عەقڵ، سەربەخۆیی بیرکردنەوە، باڵاکردنی کردارو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کۆمەڵ. «دەکرێ واسەیربکرێت سەر لە نوێ دروستکردنەوەی جیهان بێت لە غیابی خودادا — برایان ئەپلاید». بۆ ئەزمونی کوردی خوداکانی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی برایەن، بۆ ئێمە غیابی خوداکانی نایەکسانی، شەڕو تووندوتیژی، خوداکانی گلانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیو ژیانەوەی هۆز، خودا نەریتیوبەسەرچووەکانن.

هەڵبژاردن لەکوردستاندا کەمتر داواو خواستێکی سیاسی بووە، بەڵکو داواو خواستیەکی جەماوەریو ڕۆشنبیری بووە، بۆ گۆڕینی ئەو نەریتو سیستمە چەق بەستووەی سەرخانو ژێر خانی ئەوانی لێوە دیاریکراوە، بەو بەڵگەی کەمترین ژمارەی سیاسی باوەڕیان بەهەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەو ڕێز گرتن لەئیرادەی خەڵک بەکردار هەبووە. وەلێ مامەڵەکردن لەگەڵ پرەنسیپی هەڵبژاردندا دەمانباتە ئاستی یەقین کە زۆربەی سیاسیەکان لاوازترین ڕاقەو تێڕوانینی پێشووەختیان بۆ هەڵبژاردن نەبووە بۆیە «کوشتن»بوو بە بەزم نۆشیو شادی سیاسی.

گەلێکو ئیرادەیەکی سیاسی کە بە تووندوتیژیو کوشتن گوزارشت لەخۆشیەکانی خۆی بکات، نەخۆشی سادیزمی تێپەڕاندووە بۆ ئیفلاسی سیاسی تەنانەت لەئاستی خۆڕاگرتنیەکی کورت خایەن بەواتاو تێڕوانینەکانی دیموکراسیەت بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی مرۆڤ، مرۆڤایەتیش بۆ فەراهەم هێنانی ئاسایش. لەخراپترین باردا کوشتنی هاوڵاتیانێک کە دەکرێت سەرچاوەی خۆشیەکانی ئەوان بووبێتن بەدەنگدان بۆیان، یان ئەوانیش هەمان هەستیان بووبێت بۆ دەربڕینی خۆشی هیچ ناگەیەنێت جگە لەپیشاندانی ماسولکەی دەستەڵاتسالاریو تۆتالیتاری شوناسێکی دی لەخۆناگرێت..

گەر لەیەکەم هەوڵدان بۆ هەمواركردنی سیاسیەتو جیهانی کوردی بەرەوژیانێکی جیاوازو دیموکراسیانەو خۆ ئامادەکردن خۆنوێکردنەوەو وەلاخستنی رابردوو، باوکە سیاسیەکان وەکو باوکی کالڤاین تەنها نیگایەکمان تێئەگرنو پێیان وایە ئەوەی دەیکەن ئەزانن چیەو میللەت بێ ئاگایە لێی ئەوە مۆژدەی داهاتویەکی تاریکەبەڕووی ئایندەداو ناوەڕۆکی زهنی دەسەڵاتدئاشکرا دەکا. ئەوەی ڕوویدا هەنگاوێک بوو بۆ پیشاندانی ترسو تۆبەکردنی مەرگ بۆ داهاتو و باڵاکردنی تەوتەمی دەسەڵات، ئەم تۆقاندنو ترس باراندنەش پێشووەخت پانتایەکی گەورەی گوتاری هەردووی حیزبی کەسکو زەردی داگیرکردبوو، بەئاشکرا دەیانگووت هەڵوێستیان چی دەبێت گەر بڕاوە نەبن. لەکاتێکدا دەکرێ ئەو ترساندنە کاریگەری زۆری کردبێتە سەر ڕای هاوڵاتیانو لەترسی هەڵنەگیرسانی شەڕێکی دیو ترسی پاراستنی گیانی دەنگی بۆ دابێت، ئەمەش لەمیتۆدی دیکتاتۆرەکانی جیهاندا باو بووە نەک میتۆدی دیموکراسی، دەسەڵاتێکی سیاسیش ناتوانێت شتێک بێت لەنێوان دیکتاتۆریەتو دیموکراسیەتدا، پێویستە خۆی یەکلا بکاتەوە، دیموکراسیەتو هەڵبژاردن لەنابووت بوون بپارێزی لەژێر سێبەری مەرگدا.

بەناوی دیموکراسیەوە تەوزیفکردنی هیپۆکراسیوبەدواشیدا تاوانبارکردنی ئەوی بەرانبەرو ناوانی هەڵەی هاوڵاتیانو دەرەوەی ئیرادەی ئەوان، بەناوی شۆڕشگێڕییەوە دووکایەی سیاسی لەناوەڕۆکدا دژە یەکو لەئاستی بەرژەوەندیەکاندا یەک، دوو کایە یەک نابن یەک ئەکوژنو دەبن بەیەکیش هەر بەکوشتن هەنگاو دەنێن، دەبێت بکۆژ تا چەند چارەسەری کێشەی کوردیان لابێت؟ دەرئەنجام تەنها ڕێگا دەستپێکردنەوەی ژیانە لەفلیم کارتۆنەکانی منداڵیو ئەلفە بێ سیاسەتەوە، بۆ ئەوەی لەکاڵفینی شەش ساڵەوە فێربن بکۆژ چارەسەری ژیانی لانین. دەسەڵاتێکیش بای ئەوەندە نەتوانێت تەنانەت ئەندامەکانی خۆی فێری بەهەند وەرگرتنی ژیانی خەڵک بکات مەحاڵە بتوانێت نوێبوونەوە لەسیستمی بەسەرچووی کوردیدا بکات..

«هیچ ئاڵایەک ئەوەندە گەورە نیە شەرمەزاریی کوشتنی بێ تاوانێک بشارێتەوە —مێژوونیاسو نووسەر هەویارد زن» ئەبێت پانتایی کام ئاڵا بتوانێت شەرمەزاری کوشتنی کوژاوە بێگوناهەکانی هەڵبژاردنو دیموکراسی کوردی بشارێتەوە؟.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو هۆکارەکانی

لەم هەڵبژاردنەدا هیچ شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوینەدا، هیچ شتێکی ناکاو موفاجەئەیەک نەبوو مرۆڤ سەرسام بکات. بەپێچەوانەوە گەر دەرئەنجامەکان وانەبونایە، گەر لیستی کوردستانی لەپارێزگای سلێمانی بەتایبەتیو شوێنەکانی دی ڕێژەی جارانیان بهێنایەوە، ئەوە دەبووە موفاجەئەیەکی گەورەی ئەم هەڵبژاردنە. شتەکان بۆ هەموومان ڕوون بوونو چاوەڕوانکراو بوو. ئەوان ئەمجارە ڕوبەڕوی نا وتنێکی گەورە دەبنەوە، کە نە پارە دابەشکردن فریایان دەکەوێت، نە گەڕانی سەرکردەکانیان کە تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا دەردەکەون، نە ئەو کۆبونەوە جەماوەریانەی کە زوربەی بەزۆر دەکرێت. نوسەری ئەم ستونە چەندانجار لەنوسینو وتاردا داوایکرد بەزۆر خەڵک بۆ ئەم کۆبونەوە جەماوەریانە مەبەن، ئەم نەریتە یەکجار درێژووەو هیچ سودێکی نە بۆ خۆتانو نە بۆ ئایندەشتان هەیە. لێگەڕێن خەڵکی ئازاد بێتو بە ئازادی بڕیاری هاتنو نەهاتن بدات. ئەم نەریتە لەدوو ڕووەوە زیانی گەورە لەهێزە سیاسیەکان دەدات: ئەم ڕەفتارە لەلایەک هەموو ئەوانەتان لێ زویر دەکات کە بەمەیلی خۆیان نەهاتوونو ناوێرن بیڵێن (ئێمە بەئاشکرا سەدان کەسی لەمجۆرەمان دەبینی) لەلایەکی دیش خۆتان بەهەڵەدا دەباتو وێنەیەکی جەماوەریبونی خۆتان لادروستەکات کە نەڕاستەو نە واقعیە. هیوادارم ئەمجار تێگەیشتبن ئەم قسانە شتێک لەڕاستی تێدایە. چونکە کۆبونەوە جەماوەریەکانی لیستی کوردستانی ئەوەندە گەورە بوون کە هەر کەسێک لەدەرەوە بهاتایە دەیگوت، مومکین نیە ئەم هێزە زۆرینەی زۆری کورسیەکان (لەپارێزگای سلێمانی) نەبات. بەڵام بۆ ئێمەی خەڵکی وڵات کە چیرۆکێکی درێژمان لەگەڵ ئەم کۆبونەوە جەماوەریانەو شێوازی ڕێکخستنو ئەو عەقڵیەتەدا هەیە کە ڕێکیدەخات، دەمانزانی ئەوانە هیچ نینو لەکاتی هەڵبژاردنیشدا ناڕاستیان دەردەکەوێت.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هێزگەلێک توشی ئەم وەهمو هەڵەیە بوون کە خۆیان لەسەردەمی شۆڕشگێڕیدا بەچاوی خۆیان کۆبونەوە جەماوەریەکانی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانیان بینیوەو خۆشیان پێش هەموو کەس زانیویانە چەند ئەم وێنانە ناڕاستنو تەعبیر لەهەقیقەتی وڵات ناکەن. پێدەچێت هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتدا نەخۆشی کوێربونێک هەبێت کە دەسەڵاتداران لەبینینی ڕاستی کوێر دەکات. ئەگینا ئامارەکانی دروستبوونی دۆخێکی لەمچەشنەی لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا ڕوویدا یەکجار زۆر بوونو بەئاسانی دەبینران. بەئاسانی ئەوە دەبنینرا کە ناڕازیبوونو بێزاریو نادادپەروەریی چەند گەورەیەو چەندیش خەڵکی توڕە کردووە. هەر ئاوڕدانەوەیەک لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئەوە ئاشکرا دەکات.

هاوڕێیەکی خوێندەوارم لەکاتی ڕودانی سوتاندنی مۆنۆمێنتەکەدا لەوە سەری سوڕما بوو چۆن ئەم دەسەڵاتانە پاش ئەم هەموو نوسینو خۆپیشاندانو ناڕازیبوونەوە جەماوەریانەی کە زوربەی بەزۆر دەکرێت. نوسەری ئەم ستونە چەندانجار لەوە تێناگات چەند خەڵکی لێیان توڕەیەو چەند گۆڕان پێویستە. ئەو هاوڕێیەم دەیگوت پێدەچێت ئەمانە تا ئەو کاتەی پەلاماری ماڵەکەی خۆیان نەدرێت، ئەو ڕاستیە نەبینین کە چەند بارودۆخیان لەناو خەڵکیدا خراپە. ئەو کاتەی ئەم هاوڕێیەم ئەم قسانەی دەکرد کەس ئومێدی بەوە نەبوو بتوانێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، نەک پەلامارداندنەوە ئەم ناڕازیبونە بگەیەنێت. ئەو سەردەمە سەردەمی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤو هێزی سێهەم بوو. زۆربەی هێزەکان پاش بەشهەبوون لەکورسی پەرلەمانو وەزارەتدا بەیەک لیست دادەبەزین. ئەوانەش کە بەتەنیا لەهەڵبژاردندا دەچونە ململانێوە لەگەڵ لیستی دوو هێزەکەدا، لەهەموو ڕوبەکی مادییو ڕاگەیاندنو ڕێکخستنەوە لاوازتربوون لەوەی بتوانن ئەم دەنگی ناڕازیە ڕوو لەزیادە لەخۆیان کۆبکەنەوە. خەڵکی ئەو سەردەمە ناڕازیبونی خۆی لەڕێگەی نەچوون بۆ هەڵبژاردنەوە ڕادەگەیاندو ئەوەشی بەلاوە گرنگ نەبوو کە دەنگی تەزویر دەکرێت یان نا. چونکە دەرچووەکان هەمیشە هەمان ئەو هێزانە بوون جا بەڕێژەی لەسەدا ٥٠ بێت یان لەسەدا ٨٠. لەسەدا ٦٠ بەشداری کردووە یان لەسەدا نەوەد. ئەمانە هیچیان بۆ ئەو خەڵکە گرنگ نەبوو. چونکە لەبنەڕەتەوە دەیانزانی چوونو نەچونیان هەر یەک دەرئەنجامی دەبێت.

ئەو تەزویرانەش کە لە هەڵبژاردنە جیاوازەکانی پێشودا ڕویدا، دەستێکی گەورەی هەبوو لەوەی دیسان هێزەکان وێنەیەکی ناڕاستیان لەسەر جەماوەریکی بونی خۆیان هەبێت. کێشەی تەزویر ئەوە نیە کە هەندێک کورسی زیاد یان کەمدەکات، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەوەیە کە ئەو هێزە بەهەڵەدا دەبات وێنەیەکی نادروستی لەجەماوەریبوون خۆی بۆ دروستدەکات. بەمەش زیاتر لەڕادەو فراوانبوونی بەردەوامی ئەو خەڵکە ناڕازییە کوێر دەبێت کە ڕۆژ بە ڕۆژو ساڵ بەساڵ لەزیادبوندایە. سەدام حسێن بەماوەیەک پێش هێرشەکانی ئەمەریکا لەسەدا سەدی دەنگەکانی هێنا، بەڵام کاتێک ڕوخا زۆرینەی زۆری خەڵکی عێراق بۆ ڕوخانەکەی هەڵپەڕین. ئەو پیاوە تا دواساتیش بەو قەناعەتەوە چووە سەر پەتی سێدارە کە هەموو خەڵکی عێراقی لەگەڵدایە.

بەڵام ئەوەی لەکوردستاندا جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە بەر لەهەڵبژاردنی ئەمجارەو بەچەندان ساڵ پێش، هەموو ئەم شتانە چ بە نوسینو چ بەخۆپیشاندانو چ بە بەیاندەرکردن بە دوو هێزە باڵادەستەکەی کوردستان گوتراون. گەر لەڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا کەس نەیدەوێرا لەسەر هەقیقەتی هەستی خەڵکی قسەبکاتو دەسەڵاتدارانی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەوا لەکوردستاندا بەپێچەوانەوە چەندان ڕۆشنبیرو دەیان ڕۆژنامەنوسو سەدان ئەکتیڤیستی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەی جیاواز هەوڵیانداوە دەسەڵاتدارانی کوردستان لەو نادادپەروەریو سەرکوتکردنو ناڕازیبونە ئاگادار بکەنەوە کە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەورە بوندابوون. هەر ئەوەندە بەسە هەنوکە پێیان بڵێن بچن ئەرشیفی کاری ڕۆژنامەو نوسینی نوسەرانو ڕۆژمێری ڕوداوەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو هەڵدەنەوە، بۆئەوەی تێبگەن ئەوان چەند لەگوێگرتنو بینینو بەجدی وەرگرتنی ئەم قسانەدا کەمتەرخەم بوون. پێیان بڵێن بۆ دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەدوای ئەو (خائینو ناپاکانەدا!!) مەگەڕێن کەدەنگی پێنەداون، بەڵکو بەدوای ئەو نوسینو ڕیپۆرتاژو ئەکتیڤیستە چالاکانە ماوەی ڕابردوادا بگەڕێن کە کاتی خۆی گوێتان پێنەداوەو بەناحەزو نەیار وەسفتان کردوون.

دەمێک بوو ئەم هێزەی ئەمڕۆ لەم هەڵبژاردنەدا بە ئاشکرا خۆی دەرخست لێتان ناڕازیەو ئەم ناڕازیبونەشی بەهەموو شێوازە ڕێگەپێدراوەکان دەربڕیوە. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ نەدەبینن، نەیدەتوانی لەهەڵبژاردنەکانی پێشودا هیچ شتێک بکات. خودی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی مەدەنیو یاساییش کە ئۆمێدی بەشداریکردنی خەڵک لەهەڵبژاردندا بەرێتە سەرێ، یەکێک بوو لەترسناکترین ئەو شتانەی هەڕەشەیەکی ئاشکرای لەسەقامگیریو ئارامی هەرێمی کوردستان دەکرد. چونکە منو زۆرێک لەهاوڕێکانم بڕوامان وابوو گەر خەڵک نەتوانێت ناڕازیبونی خۆی بەشێوەی مەدەنی ڕابگەیەنێتو ئومێدی بەگۆڕان نەبێت، ڕەنگە لەدوا ساتی نائومیدیدا پەنا بۆ تووندوتیژی بەرێت.

ئێستاش هەموو شتەکان لەسەرەتادان، هێشتا نەک هیچ شتێکمان نەدۆڕاندووە، بەڵکو یەکەم پلەی سەرکەوتنمان بڕیوە. سەرکەوتن چونکە ئۆمێدی گەورەی هەمومان ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە پاڵنەری سەرەکی بێت بۆئەوەی هەموو هێزەکان بەخۆیاندا بچنەوەو ئەو شتانە بگۆڕن کە خەڵکی لێ زویر کردوون. سەرکەوتوین چونکە خەڵکی ئێمە دواجار لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، نەک لەڕێگەی تووندوتیژیەوە پەیامەکانی خۆی بەهێزەکانی کوردستان گەیاند.

هەڵبژاردن پەیامە، بەڵام پەیامێک نەک بۆ ڕوخانو وێرانکردن، بەڵکو بۆ دوبارە بیناکردنەوەو چاککردن.

بەشداری خەڵک لەپرۆسەی بڕیاردانداً لەنێوان دوو دەنگداندا

■ ڕێبوار حەسەن

هەڵبژاردن کۆتایی هات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو (نزیکەی ٧٨٪) بەشداری دەنگدانیانکرد، کە ئەو ڕێژەیە لەکەم وڵاتانی ئەوروپادا دەبینرێت. فاکتۆری ڕیژەی بەرزی دەنگدان زۆرن، بەڵام لێرەدا دەمەوێت لەگرنگی بەشداری ڕای گشتی خەڵک بدوێم لەماوەی نێوان دوو دەنگداندا بۆ نمونە لەماوەی نێوان ٢٥ تەموزی ٢٠٠٩ تاکو دەنگدانی ساڵی ٢٠١٢، ئایایەکجار بەشداری خەڵکی لەچوار ساڵدا بەسە بۆ ئەوەی کە نوێنەرانی پەرلەمان بڕیارەکانیان بدەن؟ ئایا هەر ئەمە بەڵگەی دیموکراسییە؟

بەدڵنیایی نەخێر.

بۆچی؟ چونکە هەروەک زۆر گرنگە کە نوێنەرانی خەڵکی زانیاری بدەن بەخەڵک، هەروەها پێویستە خەڵکیش دەنگیان بگاتە ناو ژووری پەرلەمانو لەنزیکەوە لەبڕیارەکانی پەرلەمانتاری بەشدار بنو کاریگەربیان لەسەر ئەو بڕیارانە هەبێت، وەک ئەوەی لەوڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوادا پەیڕەو دەکرێت. واتە دیموکراسیەت کورت ناکرێتەوە بۆ تەنها چوار ساڵ جارێک دەنگدان.

من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە لەدیموکراتی نوخبە دووركەوینەوە کە نوێنەران دوای هەڵبژاردن خۆیان هەموو بڕیارەکان دەدەن بەبێ وەرگرتنی ڕای گشتی. بۆ ئەوەی پرۆسەی بەشداری خەڵکی لەدوای ڕۆژی دەنگدانیش هەر بەردەوام بێتو پەیوەندی خەڵکی سیاسیو هاونیشتمانی پتەوتر بکرێتو باوەڕی خەڵکی زیاد بێت بەنوێنەرەکانیان.

دیموکراتی خۆی بریتیە لەمیتۆدێکی سیاسی لەبڕیارداندا نابێت نوێنەرانی خەڵک لەهەموو پرسێکدا خۆیان بڕیار بدەن، دەبێت داموددەزگای سیاسی پەیوەست بێت بەخەڵکەوەو پەیوەندی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ ئەواندا، نەک وەکو داموددەزگای دابڕاو بن لەکۆمەڵانی خەڵکو سیاسیەکان تەنها کاتی دەنگدان بێنە ناو خەڵکەوە، وەکو ئەمساڵ بینران. دەکرێت لەناوچەو شارۆچکەکاندا خەڵکی ئاسایی کۆمیتەو لیژنەی تایبەتی نا حیزبیان هەبێت بۆ پێشکەوتنی ناوچەکانیان، نوێنەرانی سیاسی هەڵبژێردراویش پەیوەندی دروست بکەن بەمانەوە لەڕێگای شەخسی یاخود دامودەزگای سیاسییەوە. بۆ نمونە لاوانی ناوچەیەک بتوانن خواستەکانیان بگەیەننە نوینەرانی پەرلەمان لەدوای هەڵبژاردن ئەمە دەبێت سیاسیەکان کاری ئەوان بێت کە بزانن لاوان چیان دەوێت لە ناوچەیەکی تایبە تیدا، یاخود ڕێکخراوانی ژنان، کۆمەڵگای مەدەنیە کان... هتد. هەرلەم ڕیگانە شەوە سیاسیەکان زیاتر ئیدیەی (فیکری) نوێیان بۆدێت. باشترینیش ئەوەیە کە پێشنیارەکانی خەڵکی ببێتە پرس بۆ گفتوگۆ لەناو پەرلەمان یاخود دامو دەزگا هەڵبژێراوەکانی ترو پەلەنەکرێت لەبڕیاردانداً، بەڵکو لەهەنگاوەکانییەکەمدا بتوانرێت ڕای خەڵکی وەربگیرێت. ئەم کارە دەبێتە هۆیەک بۆگەڕانەوەی باوەڕ بۆ سیاسیەکانمان.

لەکۆمەڵگای ئێمەدا جۆرەکینەیەک هەیە بەرانبەرسیاسەتمەداراە حیزبیە کان، هەرچەندە کە جاران هەرهەمان سیاسی کەسی پێشمەرگەبوون خۆشەویستی خەڵکبوون، پرسیاریکیتر ئەوەیە ئایا سیاسیەکان خەڵکیان خۆش دەوێت؟ ئەمان کۆمەڵانی خەڵک دەبنین وەکو بەربەستێک لەبەردەم ئامانجی شەخسی خۆیاندا.

> کاری سیاسی حیزبی نابێت بکرێتە پیشەو چاوگی دەستکەوتنی مادیی

بۆ چاکردنەوەی ئەم وێنەیە دەبێت سیاسیەکانمانو نوێنەرەکانمان ڕۆلێکی نوێیان هەبێت لەپرۆسەی سیاسیو دیموکرسیدا. سیاسەت بریتیە لەکاری پرۆسەی گۆڕان، لەم پرۆسەیەدا هەر هەموو پارچەکانی گرنگە، بۆ نمونە چۆن بەڕێزەوە نوێنەرەکانمانو سیاسیەکان لەگەڵیەکتردەدوێن، دەبێت بە هەمان شێوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی بدوێن بەڵام بەزمانێکی ساکار کە جوان پەیامەکان بگەنە خەڵکی. لێرەدا زەحمەتە پارتە تراديسيۆنەکان بتوانن ئەم کارە جێبەجێبکەن. بەبێ کەڵک وەرگرتن لەئەزموونی خراپو گەندەڵ کە گرنگە بۆ هەر هەموو لایەک.

گرنگە لەمەودوا هەموو لایەک ئیمکانیاتیان هەبێت کاربکەنە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەم ڕێگایانەوە

١. خەڵکی ئاسایی بتوانن بەئاسانی کار بکەنە سەربڕیاردەر.

٢. کارمەندە سیاسییەکان پۆستی زۆریان نەبێتو بەرپرس بن لەکۆمەڵیک پرسیار، بۆ ئەوەی خەڵکی تریش بتوانن لەکاری سیاسیدا بەشداربن.

٣. هەموو سیاسییەک بەکراوەییو ئاسانی پیشانی بدات کارە سیاسیەکانو چۆن ئەرکەسیاسیەکانی جێبەجێدەکاتو تەنانەت مولکو مااڵی نیشان بدات بۆ ئەوەی کینەی خەڵکی کەم بکرێتەوە.

٤. هەندێ پرس دەبێت ڕاستەوخۆ ڕای گشتیو خەڵکی وەربگیرێت بەباشی

٥. کاری سیاسی حیزبی نابێت بکرێتە پیشەو چاوگی دەستکەوتنی مادییو هەموو ژیانی ئەو کەسە هەر لەسەر کاری حیزبی بژی.

٦. یاساکان ساکارو ڕوون بن، کە مرۆڤ بتوانێت لەمافو ئەرکەکانی تێبگات

• هەموو کەسێکسان بن لەبەردەم یاسادا.

• کەس سزا نەدرێت بەبێ تاوانو دادگا.

٧. مافو ئەرکەکانی دامودەزگا بەرانبەر هاونیشتمانیان بەپێیاسا دیارو ڕوون بێت.

٨. لە دامودەزگاکاندا هەموو کارمەندەکان لەسەرەوە بۆخوارەوە هەمان بەرپرسیاریان هەبێت

دیسان لەهەمووی گرنگتر ئازادی کێبڕکێی پارتەکانەو بوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم دروستبوونی تۆتالیریزم بگیریت، دەنگە ناڕازیەکان نوێنەریان هەبێت.